بەهۆی لافاوەوە دوو هاوڵاتی لە چەمچەماڵ گیانیان لەدەستدا

ئەمڕۆ سێشەممە ، بەهۆی باران و لافاوەوە دوو هاوڵاتی لە قەزای پەمچەماڵ گیانیان لەدەستدا.

ڕاگەیاندنی قائیمقامیەتی قەزای چەمچەماڵ لە ڕاگەیەندراوەکەدا باویکردووە ، بەهۆی لافاوی چەند کاتژمێری ڕابردوی قەزای چەمچەماڵەوە دو هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا و چوار هاوڵاتی دیکەش بریندار بون.

ئاماژەی بەوەشکردوە، سەرجەم فەرمانگە پەیوەندیدارەکان لە ئەرکدان و ئەوەی لەتوانای ئیدارەی چەمچەماڵ بێت درێغی ناکەن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، پرسو سەرخۆشی ئاراسی بنەماڵەی کەچکردووان دەکەین و هیوای زو چاکبونەوە بە بریندارەکان دەخوازن.